# ئەم کۆڵەکانە کلۆرن

سامان سەردەم



فەڕاشێکی قوتابخانەی سەرەتایی
لەسەر دەستی قوتابییەک
کە مامۆستاو بەڕێوەبەر
تەنها لەسەر،
دەرسی دارا دوو داری دی
پەنجەیان لەگۆ خستبوو
دەستی لەکار کێشایەوە و
پێیشی داگرت تا ڕسوابێ
پەیڕەوی دار و دارکاری.
خوێندکارانیش لە پاداشتی
ئەم هەڵوێستەی
چەپکێ گوڵ و
جوانترین چەپڵەڕێزانیان
کردە دیاری.
وەزارەتی پەروەردەشمان
مێشێ نەبوو بە میوانی!
***********************

پاسەوانی باڵەخانەی
مەسئولێک و کۆنە جاشێ
تووشی شۆک بوو
کە دی ژنێکی بێوەژن
بۆ بژێویی
کچ و کوڕێکی نابینای
دەربازبووی بۆنی مەرگەسێو
بۆتە نانکەر و جلشۆری
گەندەڵۆک و مستەشارێ.

ئەم ڕووداوە کارێکی کرد
کاکی پاسەوانی خەوتوو
لەخەو ڕابێ.
پەیمانی دا
هەتا ماوە هەموو ڕۆژێ
داوای لێبووردن لە گەل کا
بڕیاری دا
ئیدی کلکە لەقێ نەکا
تۆبەی کرد کە
نەبێتە سەگی بەردەرگا،
بێوەژنیش وەک کوڕی خۆی
لە ئامێزی گرت ماچی کا.
وەزارەتی شەهیدانیش
بۆ وەفای خوێنی شەهیدان
لەسەر تەشت و پنە و تیرۆک
نە وورتەیەک، نە خورتەیەک
خوا نەکا،
ووشەیەک دەنگ کا!

تاراوگە / 2007